ژماره
117
ساڵی شەشەم ٢٠١٠/١٠/٢٥
بەکاتی: بە مەهزەلەکردنی سەرژمێری



## خەبەر عاجیل

پەیامنێرە زیتەڵەکەمان لە شاری قەڵادزەوە ئەم خەبەرە نایابەی بۆ ناردین، گوایە شۆفێری پاس و سەیارە نەفەر هەڵگرەکانی خەتی دەرەوەی شار بە تکاو ڕجاو بەقوربان و بەساقە داوایان لە حکومەت کردوە تاکو گەراجێکیان بۆ دابین بکات، ئێستا ئەو شوێنەی بۆیان دابین کراوە حکومەت کردویەتی بەهۆڵی شایی و بوک گواستنەوەو بەکرێ دەیداتە ئەهلی تازە زاوا، بۆ زانیاری زیاتر دەعوەتنامەتان بۆ دەنێرین وەرن لە پاشماوەی خەبەرعاجیل چۆپیەکەی بگرن.. ل٣٧



## دڕکبژێر




بڕوا ناکەم بە ئاسانی بڕۆن! ل4


لای ئەوان وایە.. ئەی لای خۆمان؟ ل10


ئەم گەندەڵە چاوی کێی گرتووە؟ ل24


www.gep-media.com
E: gepgovar@yahoo.com
Tel: 0750 704 3082
گۆڤارێکی مانگانەی کاریکاتێرییە
ئەوەڵ ژمارە ٢٠٠٤/١٠/١
لە دەستمان دەرچوو
متمانەی ژمارە (٨٤) ی ٢٠١٠/١/٧ی
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێدراوە

**خاوەنی ئیمتیاز**
**ئیسماعیل بەرزنجی**

**سەرنووسەر**
**محەمەد قادر**
sardamm2003@yahoo.com

**نوێنەری گۆڤار لە دهۆک**
**سەردار کێستەیی**
serdar_kesteyi@yahoo.com

**دەستەی نووسەران**
ڕەوف حەسەن
حسن العانی
ڕێبوار ئدریس
نەجات حەمید
سالار حەسەن
کەژاڵ ئیسماعیل
کەریم مودەریس

**هونەرمەندانی کاریکاتێریست:**
عەلی مەندەلاوی — عەلی دەروێش
خضیرالحمیری — سەردارکێستەیی
پەروەر — سالم سەلیم
سۆران کوردپوور — ئەحمەد مەندەلاوی
ڕۆستەم زادە (نامۆ) — زێرەڤان ساڵح
سەید مەحمود موکری — ئارام کەلاری
ئاراس باڵاتەیی — سەرتیپ فەتاح
سەربەست ئەفەندی

**نووسەرانی بەشداربوو**
ئەحە نۆکە — بەختیار حەسەن
ڕەفعەت کەرکوکی — شوان غەمبار
کاروان فەتحی — مەنسور دەرویش زادە
توانا حسین شێخانی

ناونیشان: هەولێر- گەڕەکی ئەندازیاران

چاپخانەی موکریانی- هەولێر

**بەڕێوەبەری هونەری و نەخشەڕێژ**
**ڕزگار فەقێ عەوڵا**
rzgarfaqe@yahoo.com

**بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی**
**چیار ئەحمەد سالار**

**ماڵپەڕ:**
ڕێباز نەجات

**دیزاین**
چیار ئەحمەد
دلاوەر جەمیل

**سەرپەرشتی چاپ:**
هێمن نەجات

هەر دەزگاو کتێبخانەیەک ویستی بەشداری لە کڕینی گەپ هەیە، پەیوەندی بەم ژمارانەی دەزگای تەتەرەوە بکات
٠٦٦٢٥٥٢٢٢٣ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٤ ٠٦٦٢٥٥٢٢٢٥



تیراژ: ٤٠٠٠ دانە
نرخ: ٥٠٠ دینار ئەگەر فریای بکەویت

## سەروتار




## بەمەزەندە



• بەمەزەندەی سایقەکانی بیرو میراوەکانی تەنکەرو خەبیرەکانی ویستگە، دوای ئەوەی کارەبای وەتەنی خەریکە بە دەردی حکومەتە وەتەنیەکە ئەچێت، چاوەڕوان دەکرێت ئەم زستانە کارەبای وەتەنی بە سەتڵ و کارەبای ویستگە بە دەبەو ئەوەی مووەلیدەکە هەر وەک خۆی بدرێت..

• بەمەزەندەی شیرخۆرەکانی مەڕی خۆماڵی و بە بۆچوونی ئەجردەرەوەکانی دراوسێیەتی، پاش ئەوەی لەو دیو حدودەوە گەلەگورگی moورولە ملمان بۆ دەنێرن، پێشبینی دەکرێت ترسی ناردنی دەیناسووریش ناوچە سنووریەکان بگرێتەوەو لەوەش خەتەر تر ئەوەیە دەڵێن دەیناسوور حەزی لە شارە گەورەکانیشە !!

• بەمەزەندەی شارەزایانی چارەسەر کردنی کێشە سیاسیەکان و بە ئەقڵی سەرخۆش و دڵ ناخۆشەکان، دوای ئەوەی عێراق بووەتە بازاری گەرمی مادەهۆشبەرەکان، لەوانەیە ماوەیەکی تر وەک بایعی دابەشی بکەن، هەتا خەڵکی عراق ئاگایان لە بێ حکومەتی و ڕێکنەکەوتنەکان نەبێت و موزاهەرە نەکەن ...

• بەمەزەندەی دۆستەکانی جاران و بێگانەکانی ئێستا، دوای ئەوەی جادەی سیاسی بەغدا بۆ کوردستان لەبەر ماستاو تا دەنگدان گەرم بووە، داوا دەکرێت بکرێتە دووساید چونکە تا لەسەرحکومەت پێکدێن لەوانەیە نیوەیان لەو خەتەیا بمرن ...




## شاشەی tv یەکان

**نووسینی: تاله tv**

* له شاشەی ناوخۆی تەلەفزیۆنی زەحمەتکێشاندا له گەرمترین هەواڵی وەرزشیدا، نوسرابوو سبەی له یارییەکانی لوتکەی ئاسیادا هەڵبژاردەی عێراق و فەڵەستین بەیەک دەگەن، لەوکاتەدا عێراق پێش دوو ڕۆژ به ئەنجامی (٣) گۆڵ بەرامبەر بەهیچ یارییەکەشی بردبووە!
* لەشاشەی ناوخۆی تەلەفزیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی لە سلێمانی یارییەکی یانەی ڕیاڵ مدریدو بەرشەلۆنەم بینی هی ساڵی ٢٠٠٥- ٢٠٠٦ بوو نوسرابوو ڕاستەوخۆ! خوا ئەو ڕاستەوخۆیە ببڕێت، ئەوە له ئەرشیفیشدا نەماوە مەگەر له مۆزەخانە!
* لەبەرنامەی تۆ نمونەی کەناڵ چواردا که خاوەنی بینەرێکی ئێجگار زۆرە له دەرەوەو ناوەوەی هەرێم، لەپڕ بەرنامە گەڕایەوە بۆ سێ چوار بەرنامەی پێشترو جەماعەتی لیژنەش ئەو کەسانە نەبوون که لەبەرنامەکە حازر بوون، وەڵا بەڕاست کەناڵ چار تۆ نمونەی!





## نوکتەی سەفەری

* له گوندێک چاڵێکی قوڵ هەبوو، خەڵکی زۆر دەکەوتنە ناوی تا دەریان دەهێنان و دەیان بردن بۆ نەخۆشخانە دەمردن! چونکە نەخۆشخانەکە زۆر دووربوو، خەڵکی گوندەکەش خۆیان زۆر پێ عاقل بوو، هەستان چاڵەکەیان پڕکردەوە چوون له تەنیشت نەخۆشخانە چاڵێکی تریان لێدا!






سالار حەسەن

## (نامەیەک لە کرێکارانی کوردستانەوە- بۆ کرێکارە خێرخوازەکانی چیلی)

لە دەست و پەنجەی قڵیشاوەوە
لە تۆزێک مافی پلیشاوەوە
لە کرێکاری ڕەش و ڕوتەوە
لە هەناوی پڕ ژەقنەبوتەوە
ئێمەی بەدبەخت و کرێکاری کورد
نامە ئەنوسین بەفۆنتێکی ورد
بۆ خێرخوازانی وڵاتی چیلی
بۆ دەوڵەمەندو گەداو سڤیلی
سڵاوی گەرم لە کرێکاران
ئای بۆتان گریاین ڕێک عەینەن باران
زۆر بە پەرۆش بوین بۆ ئەو هەواڵە
ئای خەفەتمان خوارد کەوتنە ئەو چاڵە
ئێستاش دڵخۆشین وا زیندو ماون
پیاوانی حوکمەت بەڕاستی پیاون
دوو مانگی ڕەبەق لەژێر ئەرزا بون
لەسایەی ڕەحمی ترس و لەرزا بون
بەڵام ورەتان هەر بەرنەدا بوو
دڵتان بۆ ژیان خەبەریدا بوو
چاک دەتانزانی حوکمەت غەمخۆرە
هەناسەدانیش دەکات بەنۆرە
لای ئێمەش هەرکەس بفلیقێتەوە
ڕەنگە پارچەشی کۆنەکرێتەوە
یان لەسەر عامود کارەباش بیگرێ
سڵنگێ نییە بچێ دایبگرێ
گەر ببێ بەژێر ئەشکەوتیشەوە
دەبێ هەر ڕاکا بەدوای ئیشەوە
چونکە دەوڵەت خۆی بێئیشی کردوین
بەبەنگلادیشی گدیشی کردوین
خۆزگەمان بەوەی لەوێ ڕەنجبەرە
عوتلەش بێت موچەی هەر مسۆگەرە
باقی وەسەلام ئێمەش بەم حاڵە
سەندیکاکەشمان زیندە بەچاڵە!!






## تەعەجوب



له كەسنەزان قوتابخانەیەكی تازە كراوەتەوە، قوتابیان لەسەری دانیشن، ڕەحلەی تیانیە تا ئەبێت بەپێوە دانیشی. دیارە لە سیستمی تازەی خوێندن

ناحیەی سیروانی سەربە قەزای شارەزوور دوو موزەمیدی تیایە مردوت لێ بمرێ لەسەعات ٩ ی شەوەوە دەرگا لەكەس ناكەنەوە.

به قەڵای هەولێرەوە لافیتەیەكم خوێندەوە نوسرابوو هاوڵاتی بەڕێز هیچ پرسە نامەیەك و پۆستەرێك بەدیواری قەڵادا هەڵمەواسە، لەهەمان كاتدا بەهەزار حاڵ جێگای ئەو لافیتە بووبوەوە، ئەوەندەی پرسەنامەی پێوەبوو!!

لەبازگەی كەركوك سەیارەكەیان پشكنیم و وتیان دەی بڕۆ قەترەش بكە دەمی ئەو منداڵەتان، ئیتر باش تێنەگەیشتم ئەوە عیادە بوو یان خاڵی بشكنین بوو!

ماوەیەكە حوكمەت لە سلێمانی جگە لە باج و زەریبەی دەزگاكان فێربووە باج لە كەسابەتی ئەو موتەرجیم و كارمەندانەی لەگەڵ ئەمریكییەكان ئیش دەكەن ، وەردەگرن!
خەرمان بەرەكەت!

لەم ڕۆژانەدا لە قوتابخانەیەكی ئێواران كە قوتابیی سمێڵ بابڕ دەوامی تیا دەكەن، لە كاتی چوونەژوورەوەی پۆلدا مامۆستا ئەپاڕایەوە تەختە ڕەشەكە بسڕنەوە! كەچی مەعازەڵڵا یەك سمێڵ بابڕ جوابی نەدایەوە!



## نوكتەی سەفەری

* جارێك كابرایەك یەكەم جارە دەچێتە سینەما، فلیمی حەیواناتی لەسەرە، سەیر دەكات وا گایەك بە دووی خەڵكەكەی كەوتووە، كابراش دەترسێت، هەڵدەستێت دەیەوێت بڕوات، خەڵكەكە ڕێی لێ دەگرن و دەڵێن كاكە دانیشە، ئەوە فلیمە، خۆ ڕاستی نییە، كابراش دەڵێت دەزانم فلیمە خۆ گێل نیم، بەڵام ئەم گایە سەر شێتە چوزانێ فلیم چیە!!